ئەوژین
ژمارە (٤٥) ئەیلولی ٢٠٢٠
مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات





به کەمپین خەڵکی لە مەترسیەکانی کۆرۆنا ئاگادار دەکەنەوە
7««

بەڕێوبەرایەتیەکی گشتی نیوەی بەرپرسەکانی لە رەگەزی مێن
3««



بەڕێوبەری پەروەردەی گەرمیان: 50 ژنە مامۆستا لە دەرەوە دەخوێنن
4««



چیتر کڵاش تایبەت نیە بە پیاوان
5««



# ڕێژەی ژنان لە مەکۆی کەلاری گۆڕان (١٥٪)ـە



▪ نەوژین

**ڕێژەی ژنان لە ئەنجومەنی مەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان (١٥٪)**

**تێپەڕ ناکات، بازێروانی مەکۆکەش باس لەوەدەکات بۆ هەڵبژاردنی ناوخۆیی ئەمجارە، پلانیان هەیە بۆ زیادکردنی ڕێژەکە.**

فەیسەڵ حاجی حەسەن، بازێروانی مەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان، لە دیدارێکی (نەوژین) دا لەسەر پرسی بەشداریی ژنان لەکایەی سیاسی و گرفتەکانی ئەم بەشدارییە قسەی کرد، هەروەک لەبارەی هۆکاری کەمیی ژمارەی ژنانی کادیر بەتایبەتی لە ئەنجومەنی مەکۆکەیان، دیدی خۆیانی خستەڕو.

بازێروانی مەکۆی کەلار، باسی لەوەکرد بزوتنەوەکەیان «بڕوای تەواوی» بە تواناکانی ژنان هەیە و هیچ جیاوازیەک لەنێوان ئەوان و پیاواندا ناکات، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە ژنان خۆیان بەشی پێویست نایەنە پێشەوە و لەو ڕووەوە کەمتەرخەمن.

لەناو مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان لە کەلار، هیچ ڕێژە و کۆتایەکی دیاریکراو بۆ بەشداری ژنان نیە، هاوکات لە کۆی ٧ کەس لە دەستەی بەڕێوبردنی مەکۆکەدا، تەنها ١ ژن تێیدا بەشدارە.

سەرباری ئەوەش بازێروانی مەکۆکە باس لە بونی «چەند خانمێکی بەتوانا» دەکات لە ریزەکانیان دا، ئەگەرچی نەیشاردەوە بەشداریی ژنان هێشتا بەو ئاست و رادەیە باش نیە.

بۆ باشکردنی ئەم بەشدارییە، (فەیسەڵ حاجی حەسەن) ئاماژەی بەوەکرد کە پلانیان هەیە لە هەڵبژاردنی ناوخۆیی داهاتویاندا ڕێژەکە زیاد بکەن.

لەوبارەوە وتی: پلانی نوێمان هەیە بۆ ئەوەی زیاتر ژنان بێنە پێشەوە، نامانەوێت ماف و ئازادیەکانیان هەر دروشم بێت، ئەمجارە دەبێت بە کردار هەست بەوە بکرێت.

دەقی دیدارەکە لە لاپەڕە (٢)ی ئەم ژمارەیەدا دەخوێننەوە.

# نەوژین ماڵئاوایی دەکات




▪ نەوژین

**پاش نزیکەی چوار ساڵ بەردەوامبون و دەرکردنی (٤٥) ژمارە، ڕۆژنامەی (نەوژین) ماڵئاوایی دەکات و چیتر بە چاپی کاغەزیی بڵاونابێتەوە، بەڵکو بۆ داهاتو دەبێت بە سەکۆیەکی ئەلیکترۆنیی گشتگیر.**

ئازاد عوسمان، بەڕێوبەری (رادیۆی دەنگ) کە خاوەندارێتی ڕۆژنامەی (نەوژین) دەکات، لەوبارەوە رایگەیاند: ئەم ژمارەیە، دوا ژمارەی (نەوژین) دەبێت و ئیتر ڕۆژنامەکە بەمشێوەیەی ئێستای کە پشت بە چاپی کاغەزیی دەبەستێت، بەردەوام نابێت.

لەبارەی هۆکارەکانی ئەم هەنگاوەوە، رونیکردەوە: «هەم خوێنەری ڕۆژنامەی چاپکراو کەم و سنوردارە، هەمیش بەهۆی ڕێکارەکانی کۆرۆناوە دابەشکردنی ڕۆژنامە و گەیاندنی بەدەستی خوێنەران، قورس و پڕ کێشەیە، بۆیە وامان بە باش زانیی کە چاپی کاغەزیی ڕۆژنامەکە رابگرین و لە بری ئەوە گرنگیی بە لایەنی ئەلیکترۆنی بدەین».

باسی لەوەشکرد پرۆژەکە بەردەوام دەبێت، بەڵام بەشێوازێکی تر. لەوبارەوە وتی: پرسی ژنان لە کرۆکی گرنگیپێدانەکانمانە و دەستبەرداریی نابین، لەم سۆنگەیەشەوە (نەوژین) بە شێوازی ئەلیکترۆنی بەردەوام دەبێت، بەجۆرێک کە پرۆژەکە دەکەینە سەکۆیەکی ڕۆژنامەوانی ئەلیکترۆنی «دیجیتاڵ میدیا»ی تایبەت بە پرسەکانی ژنان.

ئازاد عوسمان، سوپاسی هەمو ئەو لایەن و کەسانەی کرد کە لەم ماوەیەدا پاڵپشتی ڕۆژنامەکە بون و خەمیان لێخواردوە، بەتایبەتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی کە پاڵپشتیکاری دەرچون و بەردەوامیی ڕۆژنامەکە بون.

ڕۆژنامەی (نەوژین)، یەکەم ژمارەی لە کانونی یەکەمی (٢٠١٦) دا بڵاوکرایەوە، لەو ساتەوە تائێستا مانگانە بە بەردەوامی بڵاودەبێتەوە و تەنها یەک ژمارەی بە کاریگەریی ئەو دۆخەی کۆرۆنا هێنایە ئاراوە، دەرنەکرا، بەم ژمارەیەشەوە (٤٥) ژمارەی لێدەرکراوە کە سەدان بابەتی ڕۆژنامەوانی جیاوازی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

هاوکات لە ماوەی کارکردنی دا چەندین خول و راهێنان و مێزگردی جیاوازی لە بواری ڕۆژنامەوانی و پرسەکانی ژنان دا ئەنجام داوە.

ڕۆژنامەکە ساڵی ٢٠١٩ خەڵاتی شەهیدی قەڵەم وەدات حسێنی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەوانی پێبەخشرا، لەپای کارکردنی دا.

### باژێروانی مەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان:

# پلانمان هەیە بۆ زیادکردنی ڕێژەی ژنان



■ نەوژین، ڕێناس ساڵح

**ژنان لە ناو بزوتنەوەی گۆڕان لە کەلار پێکهێنەری کەمتر لە (١٥٪)ی ئەو حزبەن بەدەر لە ڕێگری کۆمەڵگا باژێروانی مەکۆی کەلار، ژنان خۆشیان بە هۆکاری لاوازی بەشداری سیاسی دەزانێت، دەشڵێت: «بۆ ئەمجارەی هەڵبژاردنی ناوخۆیی گۆڕان، خۆم سەردانی خێزانەکان دەکەم بۆ ئەوەی بەربەستەکانی بەردەمی ژنان لابەرین».**

ڕۆژنامەی (نەوژین) دیدارێکی لەگەڵ (فەیسەڵ حاجی حەسەن)، باژێروانی مەکۆی کەلاری بزوتنەوەی گۆڕان ئەنجامداوە کە تێیدا تاوتوێی پرسی بەشداری ژنان کراوە لە ناو خودی بزوتنەوەکەو ئەو پۆستانەی کە پشکی بزوتنەوەکەن لە حکومەتی خۆجێی گەرمیان.

جیا لە حزبەکانی دیکە لەناو مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان لە کەلار ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ بەشداری ژنان لە کاری سیاسی ئەو حزبە نیە، وەک دەبینین لە کۆی ٧ کەس لە دەستەی بەڕێوبردنی مەکۆ تەنها ١ ژن تێیدا بەشدارە.

باژێروانی مەکۆی کەلار، لە وەڵامی ئەم پرسەدا ئاماژەی بەوەکرد: ئەوان وەک بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای تەواویان بە توانانی ژنان هەیە و هیچ جیاوازیەک لە نێوان ژن و پیاو دا ناکەن لە کاری سیاسی، دید و بڕوایان ئەوەیە پێشکەوتن و مەدەنی بونی هەر کۆمەڵگایەک وابەستەیە بە بونی ژنان لە ناو کایەی سیاسەتدا. وەکخۆی وتی: «بەڵام ژنان دەبێت بە توانا و لێهاتویی، خۆیان بسەلمێنن نەوەک ڕێژەیان بۆ دابنرێت».

لە ناو مەکۆی کەلار رایەڵەی ژنان وەک دەنگ و ڕەنگی ژنانە لەو حزبە، باژێروانی مەکۆی کەلار لە بارەی ڕۆڵ و کاریگەرییان لەناو بزوتنەوەکە، وتی: «چەندین خانمی چالاک و بەتوانا لە رایەڵەی ژنانن»، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیایی ئەوەیدا کە بەشداری ژنان تێدا وەکپێویست نیە.

پشکی بزوتنەوەی گۆڕان لە پۆستەکانی حکومەتی خۆجێی گەرمیان ٧ پۆستە، لەو ژمارەیە ١ ژن پۆستی بەڕێوبەری گشتی هەیە، بەمشێوەیەش لە ناو تیمی حکومەتی خۆجێی گەرمیان و دەستەی مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان لە کەلار، ڕێژەی بەشداری ژن ١٤،٣٪ـە.

فەیسەڵ حاجی حەسەن، لەمبارەیەوە ئاماژەی بەوەکرد: لە هەوڵدان بۆ زیادکردنی ئەو ڕێژەیە، بەڵام جەختی لەوەشکردەوە «ئێمە دەمانەوێت ژنان خۆیان ڕۆڵ بینین و بە توانانی خۆیان ئەو ڕێژەیە زیاد بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەوڵی ئەوەداین ئەو ڕێژەیە زیادبکەین بۆ نیوە».

بە گوێرەی داتاکانی نوسینگەی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، لەناو هەریەک لە حزبەکانی هەرێم، ڕێژەی ژنان نەگەیشتوەتە ٣٠٪.

باژێروانی مەکۆی کەلار دانی بەوەدانا کە بەشداری ژنان لەناو بزوتنەوەکەدا لە کەلار لاوازە، بەڵام ئەمە بە تێڕوانی ئەو بە تەنها لە گەرمیان دا وانیە، بەڵکو گەرمیان بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی هەرێم زۆر لە پێشترە.

زیاتر لەسەر ئەمە وەستا و باسی لەوەکرد، لە هەمو هەڵبژاردنەکان، لە بازنەی گەرمیان نوێنەری ژنیان هەبوە، ئەمەشی بە خاڵێکی گرنگ وەسفکرد.

ئەم واقعە پرسیاری ئەوە دێنێتە ئاراوە، ئاخۆ ڕێگریەکە چیە بۆ بەشداریی ژنان لەکایەی سیاسی؟ ئایا وەک کە زۆرجار دەوترێت کۆمەڵگا ڕێگرە، بەراستی وەهایە؟

بە ڕای باژێروانی مەکۆی کەلار کە ماوەی کەمتر لە ساڵێک دەبێت لەو پۆستەدایە، ڕێگای ژنان سەختە و ڕێگری لە پێشیانە بۆ کاری سیاسی، ئەمەش دەبەستێتەوە بە کۆمەڵگاوە، بەشێکیشی وابەستەدەکات بە بە خودی ژنان خۆیانەوە و وتی: «دەتوانم بڵێم هێشتا ژنان نەیانتوانیوە خۆیان بەدیهێنەری مافەکانی خۆیانبن و پشتیوانی خۆیانبن».

هەرلەم سۆنگەیەوە پێیوایە ئەرکی پیاوانە کە هاوکاریان بن، واشیدەبینێت تاچەند ژن خۆی بیەوێت بێتە پێشەوە، ئەوەندە بزوتنەوەکەیان پشتیوانی دەکات، بەڵام چارەسەر بە وتەی ئەو کۆدەنگی ژنان خۆیان و توانای خۆیانە کەوادەکات بونی خۆیان بسەلمێنن.

بزوتنەوەی گۆڕان دەستی بە ئامادەکاری کردوە بۆ کۆنفرانسی نیشتیمانی و هەڵبژاردنی مەکۆکان، ئەمەش دەرفەت دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریی ژنان. فەیسەڵ حاجی حەسەن، لەوبارەوە دەڵێت: پلانی نوێمان هەیە بۆ ئەوەی زیاتر ژنان بێنە پێشەوە، نامانەوێت ماف و ئازادیەکانیان هەر دورشم بێت، ئەمجارە دەبێت بە کردار هەست بەوە بکرێت.

ئەو بیرۆکەی خۆیشی ئاشکراکرد لەو روەوە «پلانم هەیە بۆ ئەو مەبەستە خۆم بچمە ناو خەڵک و خیزانەکان، بۆ ئەوەی ژنان بەشداربن لە پێکهێنانی مەکۆ و هەروەها بەشداری کارابن لە سیاسەت دا».

لەناو بزوتنەوەی گۆڕان لەکۆی ٦٥ ئەندامی جڤاتی گشتی ٩ ژن هەن، کە دەکاتە ١٣٪ی کۆی ڕێژەی جڤاتەکە، ئەمە لەکاتێکدایە خانەی ڕاپەڕاندنی بزوتنەوەکە خاڵیە لە ئەندامی ژن، لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی ١١ ساڵی کارکردنی مەکۆی کەلار، ژنان نە باژێروان بون، نە کاندید بۆ ئەو پۆستە. «باژێروان چ پیاو بێت یاخود ژن، بۆ بزوتنەوەکە کاردەکات، دەرگاش کراوەیە لە بەردەم هەردو رەگەز»، بە وتەی (فەیسەڵ حاجی حەسەن) ئەمە تێڕوانینی بزوتنەوەی گۆڕانە بۆ پرسەکە.

---

# جێگرەکەی بایدن دەبێتە سەرۆکی داهاتو؟



■ نەوژین

**تائێستا پێشبینیەکان لەبارەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، بە زیانی کۆمارییەکان و قازانجی دیموکراتەکانە، ئەمەش دەرگا دەکاتەوە لەبەردەم ڕوداوێکی مێژویی دا، کە ئەویش بونی یەکەم ژنە بە جێگری سەرۆکی ئەمریکا.**

جۆ بایدن، کاندیدی پارتی دیموکراتەکانی ئەمریکا، بۆ کێبڕکێی سەرۆکایەتی، ژنێکی وەکو جێگری خۆی کاندید کرد کە (کامالا هاریس)ـە، ئەم هەنگاوەش چ لەم ساتەدا و چ لە داهاتوشدا ئەگەر بایدن سەرکەوتو بێت، ریزێک پێشهاتی نوێ و مێژویی لێدەکەوێتەوە.

کاندیدکردنی ژنێک بۆ پۆستی جێگری سەرۆک، ڕوداوێک نیە یەکەمجار لە ئەمریکا رویدابێت، بەڵکو پێشینەی هەیە، بەڵام زۆر کەم و سنوردار. بەشێوەیەک لە مێژوی نزیکەی ٣٠٠ ساڵی حوکمڕانی ئەو وڵاتەدا، تەنها دو ژن وەکو کاندیدی جێگری سەرۆک بونیان هەبوە کە (جیراڵدین فیرارۆ) لە پارتی دیموکراتەکان لە ساڵی ١٩٨٤ و (سارا پالین) لە پارتی کۆماریەکان لە ساڵی ٢٠٠٨ بون، بەڵام هیچیان چانسی ئەوەیان نەبو ببن بە جێگری سەرۆک، بەوپێیەی رکەبەرەکانیان سەرکەوتنیان لە بەرامبەریاندا لە هەڵبژاردنەکەدا بەدەستهێنا.

ئەوەی پەیوەندی بەئێستاوە هەیە، کاندیدکردنی (هاریس) بۆ پۆستی جێگری سەرۆک، پێشهاتێکی تازە و تەنانەت مێژوییە، چونکە ئەو یەکەم ژنی ڕەشپێستە کە دەچێتە ئەو کێبڕکێیەوە، بەوپێیەی دو ژنە کاندیدەکەی پێشوتر، هەردوکیان سپی پێست بون.

لەداهاتوشدا ئەگەر دیموکراتەکان سەرکەوتو بن لەم هەڵبژاردنەدا و پۆستی سەرۆکایەتی لە کۆماریەکان بسێننەوە، ئەوا بێگومان ڕوداوەکە زیاتر مێژویی دەبێت، بەوەی بۆیەکەمجار ژنێک دەبێتە جێگری سەرۆک، هەروەک بۆیەکەمجاریش دەبێت کە ڕەشپێستێک ئەو پۆستە وەردەگرێت، هەروەک کۆبونەوەی ئەم دو تایبەتمەندیەش کە بونی «ژنێکی ڕەشپێستە»، بۆخۆی پێشهاتێکی زۆر تازە و بێپێشینەیە.

(کامالا)ی تەمەن ٥٥ ساڵ، پێشتر داواکاری گشتی بوە لە ویلایەتی کالیفۆرنیا، یەکێک بوە لەو کاندیدانەی کە کێبڕکێی بایدنی کردوە بۆ بەدەستهێنانی متمانەی حزبەکەی بەمەبەستی کاندیدکردنی بۆ رکابەرێتیەکانی سەرۆکایەتی. زۆرینەی روخسارە دیارەکانی دیموکراتیەکان، دیارییکردنی ئەو بە کارێکی باش دەزانن و بە ژنێکی لێهاتو وەسفی دەکەن. لەو بارودۆخەیشی کە دوای کوشتنی فلۆیدی ڕەشپێست لەسەر دەستی پۆلیسی میناپۆڵس لە ویلایەتی مینیسۆتا هاتە ئاراوە، بونی ڕەشپێستێک لەنێو تیمی رکابەری سەرۆکایەتی، بە پەیامێکی ئیجابی دەزانن بۆ دەنگدەری ڕەشپێستی ئەو وڵاتە.

بەگشتی پۆستی جێگری سەرۆک لە ئەمریکا، پۆستێکی تاڕادەیەکی زۆر شکڵییە و ڕۆڵێکی ئەوتۆی نیە، بەڵام ئەوەی وادەکات ئەم پۆستە گرنگ بێت، کەسایەتی ئەو کەسانەیە کە ئەو پۆستەیان لەلایە، چونکە لە مێژوی نزیک دا زۆر باس لە ناوی (دیک چینی) جێگری جۆرج بوشی کوڕ دەکرێت، ئەویش بەهۆی ئەو توانا و لێهاتوییەی کە هەیبوە و وایکردوە ئیدارەکە بەگشتی بەگرنگییەوە راکانی وەربگرێت و بیگرێتە خۆی.

بۆیە لەپاڵ ئەوەی کە بایدن تەمەنی زۆر هەڵکشاوە و باس لەوەش دەکرێت کە دۆخی تەندروستی زۆر باش و لەبار نەبێت، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت (هاریس) ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێت، بەشێوەیەک کە ئەگەر هاوشێوەی ئەوەی (دیک چینی)ش نەبێت، بەڵام لانیکەم وەک ئەوەی ئێستا (پێنس) نەبێت، کە زۆرتر وەکو کەسێکی لاواز و بێ سەنگ و ڕۆڵ لە ئیدارەی ترامپ دا وێنا دەکرێت.

# بەڕێوبەرایەتیەکی گشتی نیوەی بەرپرسەکانی لە رەگەزی مێن

▪ نەوژین، زریان محەمەد

**جیاواز لە بەڕێوبەرایەتی و فەرمانگەکانی سنوری گەرمیان، نزیکەی نیوەی پۆستەکانی نێو بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان ژنان بەڕێوەی دەبەن، ئەمەش لەسەر ئاستی وەزارەتەکەشدا کەم وێنەیە.**



بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان کە دەزگایەکی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییە، سیاسەتێکی بۆ راگرتنی هاوسەنگیی رەگەزی لەنێوان ژنان و پیاوان لە پۆست و بەرپرسیارێتیەکانی ناو بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکەدا گرتوەتەبەر، کە لە ناوچەکەدا هاوشێوەی کەمە.

دەرون عومەر، بەڕێوبەری گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: «لە کۆی ٤١ پۆستی بەڕێوبەر و لێپرسراو لە بەڕێوبەرایەتیمان، ٢١ پۆستمان لای ئافرەتانە».

ئەم هاوسەنگیە رەگەزییە، لە زۆر سێکتەر و پێگەی دەزگاکەدا رەنگی داوەتەوە، بەشێوەیەک وایکردوە بەشداریی ژنان لە بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکەدا کاراتر بێت.

سوندس کازم، لێپرسراوی سەنتەری پاراستنی مناڵانی ناحیەی رزگاری، یەکێکە لە ژنە بەرپرسەکانی ئەو بەڕێوبەرایەتیە گشتیە و ماوەی ساڵێکە پۆستەکەی وەرگرتوە.

دەڵێت: رەخساندنی دەرفەت بە ژنان بۆ وەرگرتنی پۆستی دەزگا حکومیەکان، وادەکات ئەو جیاکاریەی کە هەیە لە نێوان هەردو رەگەز، کەم ببێتەوە.

ئەم بەشدارییە کارایەی ژنان لە بەرپرسیارێتی دەزگاکە، بەپێی پلانێک بوە کە چ بەڕێوبەرایەتیە گشتیەکە و چ وەزارەتی کاریش پێداگیرییان لەسەر کردوە، بۆ ئەوەی رێژەی ژنان لە بەرپرسیارێتیەکان بەرەو پێشەوە ببەن.

دەرون عومەر، ئاماژەی بەوەکرد ئەم ئەزمونەی لەگەرمیان پێی گەیشتون، تەنانەت لە ناو وەزارەتیش دا کەم وێنەیە و کەم بەڕێوبەرایەتی دیکە توانیەتی ئەم هاوسەنگییە رابگرێت.

مێژوی بەرپرسیارێتی ژنان لەم بەڕێوبەرایەتیە گشتیە بۆ دێر تر دەگەڕێتەوە.

شلێر عومەر، بەڕێوبەری شەڵتەری داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو لە بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، ماوەی ٦ ساڵە لەو پۆستەدا بەردەوامە.

وتی: پێدانی دەرفەتی بەرپرسیارێتی بە ژنان زۆر گرنگە، چونکە وا دەکات ئەو جیاوازیەی کە باسی لێوەدەکرێت لە نێوان هەردو رەگەز، کۆتایی بێت.

بەگشتیش ژنان باس لەوەدەکەن کە ئەو سیاسەت و پلانەی لەو بەڕێوبەرایەتیە گشتیەدا پەیڕەوکراوە، لەشوێنی دیکەدا کەمتر دەبینن.

شلێر، لەوبارەیەوە وتی: ئێمە ژنانی زۆر باشمان هەیە و بەتوانان، بەڵام ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێت بۆ وەرگرتنی پۆستەکان، ئەگەرچی لە بەڕێوبەرایەتی گشتیمان زۆرتری ئافرەت بەرپرسیاریەتی پێدراوە.

هەندێکجار لە بێبەشکردنی ژنان لە پۆست و بەرپرسیارێتی، ئەوە دەکرێتە بیانو کە رەنگە فەرمانبەران لە رەگەزی نێر پێوەی پابەند نەبن، بەڵام ئەزمونی بەرپرسەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان ئەو بیانوە لاواز دەکات.

سندوس، لەوبارەوە وتی: فەرمانبەری پیاوم لەگەڵدایە و پێکەوە کاردەکەین و هیچ کێشەیەکیان نیە.

خودی پیاوانیش جەخت لەم رایە دەکەنەوە.

عەلی محەمەد، لێپرسراوی هۆبەی ئایتی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، بۆ (نەوژین) باسی لەوەکرد: «بونی ژنان لە پۆستی بەڕێوبەرایەتیەکان گرنگە، ئەمەش وا دەکات جیاکاری رەگەزی نەمێنێت لە نێو فەرمانگەکانی حکومەت، بەتایبەتیش لە بەڕێوبەرایەتی ئێمە ژنان تاڕادەیەکی باش هاتونەتە پێشەوە».

رەنگە ئەوەی وایکردوە ئەم بیانوە هێندەی تر لاواز بێت، ئەو پابەندبون و کارانەیە کە ژنانی بەرپرس لە بەڕێوبەرایەتیەکە ئەنجامی دەدەن، چونکە وەک بەڕێوبەری گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان دەڵێت: «توانای ژنانمان زۆر باشە و پابەندبونیان بە دەوام و تەنانەت لە راپەڕاندنی ئیشوکارەکان باشترن لە پیاوان و زۆر لە توانایان رازیم».

# سەنتەرێک دەبێتە پەناگای ژنانی گەرمیان



ژنانی گەرمیان بێبەشن لە بونی جێگایەکی تایبەت بەخۆیان

▪ نەوژین، شۆخان حەمەساڵح

**لە قەزای کەلار سەنتەرێکی تایبەت بە پەرەدان بە تواناکانی ژنان و داکۆکیکردن لە مافەکانیان کراوەتەوە، بەرپرسانی جەخت لەوەدەکەنەوە کە دەیانەوێت هاوکاری ژنان بن لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکانیان و هەروەها بونیادنانی تواناکانیان.**

رێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان، بە پاڵپشتی رێکخراوی (UNFPA) سەنتەرێکی بەناوی (پەنا) لە کەلار کردوەتەوە، کە چالاکی جیاوازی لەبارەی کێشە و مافەکانی ژنانەوە تێدا ئەنجام دەدرێت.

سەناریا مەحمود، بەڕێوەبەری سەنتەری پەنا لە کەلار، لەبارەی گرنگیی سەنتەرەکەیانەوە، وتی: ژنانی گەرمیان تاڕادەیەک بێبەشن لە بونی جێگایەکی تایبەت بەخۆیان کە تێیدا گرنگی بە بەرەوپێشبردنی تواناکانیان بدرێت و بشتوانن گرفتەکانیان چارەسەر بکات لە روی یاسایی و دەرونیەوە، ئەم سەنتەرەی ئێمە لەو روەوە کار دەکات.

ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەوان خول و راهێنان و وۆرکشۆپی جیاواز دەکەنەوە لەبارەی کێشەکانی ژنان و پەرەدان بەتواناکانی ژنان، جگە لە وەرگرتن و بەدواداچون بۆ کەیسەکانی ژنان. کارکردنی سەنتەرەکەش بە دو ئاراستەیە، ئاراستەیەکیان ئەنجامدانی چالاکی جیاوازە لە بینای سەنتەرەکە، دوەمیش کارکردنە لە رێگەی تیمی گەڕۆکەوە.

هەودا محەمەد، توێژەری کۆمەڵایەتی لە سەنتەری پەنا، وتی: ئێمە تیمی گەڕۆکین، کاری سەرەکیمان بریتیە لە ناساندنی کارەکانی سەنتەرەکە و هەماهەنگیکردن لەگەڵ ئەو لایەن و دەزگایانەی کە لە پرسە مرۆییەکاندا رۆڵی کارایان هەیە بەمەبەستی خزمەتگەیاندنی زیاتر بە ژنانی ناوچەکە، سەرباری ئەنجامدانی سیمینار لە قوتابخانە و بەڕێوەبەرایەتیەکان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری.

ئەم سەنتەرە لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٥/١٥ کراوەتەوە، بەڵام بەهۆی پەتای کۆرۆناوە سەرجەم کارەکانی بە شێوازی ئۆنلاین بەڕێوەچوە، لە ٩ی ئەیلولی٢٠٢٠ بەشێوەیەکی فەرمی کراوەتەوە.

وەک بەڕێوبەرەکەی ئاماژەی بۆ دەکات، سەنتەری پەنا ئەگەرچی ماوەیەکی کەمە کراوەتەوە، بەڵام کارەکانی بە باشیی دەچێتە پێشەوە.

سەناریا مەحمود، وتی: سەرەتا توشی بەربەستی زۆر بوین لە هاتنی ژنان بۆ سەنتەرەکەمان، بەڵام لە ئێستادا خۆشبەختانە رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان سەردانمان دەکەن بەمەبەستی بەشداریيکردن لە خول و سیمینارەکانماندا، کە ئەمەش بە هەنگاوێکی باش دادەنرێت لە بەرەوپێشچونی ژنانی گەرمیان.

یەکێک لەو بوارانەی کە سەنتەرەکە گرنگیی تایبەتی پێدەدات، کچانی نەوجوان «هەرزەکار»ـە، کە لەو روەوە پرۆژەی تایبەتیان هەیە.

سازان مستەفا، بەرپرسی پرۆژەی کچانی نەوجوان لە سەنتەری پەنا، لەوبارەوە وتی: کارکردنمان لەسەر کچانی نەوجوان بە ئامانجی بونیادنانی کچێکی خاوەن ئامانج، هۆشیار، بەمتمانەیە، بۆ ئەوەی بە دروستی مامەڵە لەگەڵ: خێزان و دەوروبەر، بەکارهێنانی سۆشیاڵ میدیا، هۆشیاری و خۆپاراستن، خۆناسین لە روی دەرونی و جەستەییەوە بکات، ئەمە سەرباری برەودان بە توانای بڕیاردان و خۆبەڕێوەبردنیان.

بۆ خوێندن کچان رو لە دەرەوەی وڵات دەکەن

# بەڕێوبەری پەروەردەی گەرمیان: ٥٠ ژنە مامۆستا لە دەرەوە دەخوێنن

■ نەوژین، سروە کەریم

**«ویستی ئەوەم هەبو کە بە هەگبەی پڕەوە بگەڕێمەوە وڵاتی خۆم، بۆ ئەوەی کە گەڕامەوە بتوانم زۆرترین خزمەت و زانیاری و بیرۆکەی نوێ بە فێرخواز و تاکەکانی کۆمەڵگا بگەیەنم».**
**بەم دەربڕینە، (سکاڵا) گوزارشتی لە هەنگاوەکەی بۆ خوێندن لە دەرەوەی وڵات کرد.**

خوێندن لە دەرەوەی وڵات، لەو رێگایانەیە کە فێرخوازان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی جیاواز رویان لێکردوە، لەم هەنگاوەشیاندا پاساو و هۆکاری جیاوازیان هەیە. ئەوەی لەم چەند ساڵەی رابردودا بەتایبەتی لەگەرمیان هەست بە زیادبونی دەکرێت، ژمارەی کچانی فێرخوازە کە رو لە دەرەوەی وڵات دەکەن بۆ تەواوکردنی خوێندن.

کچان باس لەوەدەکەن، ئەوەی پاڵی پێیانەوە ناوە بۆ ئەم کارە، بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەرز و هەروەها ئاشنابونە بە زانستی نوێ.

سانیا ئەحمەد، ٢٤ ساڵ، لە وڵاتی مالیزیا ئەندازیاریی کۆمپیوتەری خوێندوە، باسی لەوەکرد کە ئەگەرچی بەربەست و ئاستەنگ لە رێگەی دا هەبوە بۆ تەواوکردنی خوێندن، بەڵام ئەو کۆڵی نەداوە.

سەرباری ئەوەی رێژەی رۆشتنەدەرەوەی کچان بۆ تەواوکردنی خوێندن بەرادەیەکی بەرچاو زیاد بوە، بەڵام هیچ ئامارێکی ورد لەمبارەیەوە لەبەردەستدا نیە.

سەرۆکی زانکۆی گەرمیان، د. فەرهاد قادر، لەوبارەوە وتی: ئەگەرچی ئامارمان لا نیە، بەڵام ئاگاداری ئەوەین کە بەجیاوازیەکی زۆرەوە ئێستا کچان رو لە خوێندن دەکەن لەدەرەوی وڵات.

وتیشی: بەهۆی دۆخی داراییەوە چەند ساڵێکە مۆڵەتپێدانی خوێندن لە زانکۆی گەرمیان و پەروەردەی گەرمیان راگیراوە، فێرخوازان لەسەر حسابی خۆیان خوێندن تەواودەکەن.

ئەو کچانەی رویان لە خوێندن کردوە لە دەرەوەی وڵات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە خێزانەکانیان ئاسان نەبوە بەلایانەوە رێگەیان پێبدەن.

کاژین گۆران، ٢٦ ساڵ، باسی لەوەکرد پاش ئەوەی ئەو کۆنمرەیەی لە پۆلی ١٢ بەدەستیهێناوە نەیتوانیوە بەهۆیەوە لە بەش و کۆلێژی دڵخوازی خۆی وەریبگرێت، بۆیە بیرۆکەی خوێندنی لە دەرەوەی وڵات خستوەتە بەردەم ماڵەوەیان.

وتیشی: قورسبو بۆ ماڵەوەمان کە ٦ ساڵ لە دەرەوەی وڵات بخوێنم، بەڵام سەرەنجام رازیی بون و ئێستا لە زانکۆیەکی وڵاتی تورکیا درێژە بەخوێندنی بەشی پزیشکی دەدەم.

بەگشتی ئەو وڵاتانەی زۆرتر بۆ خوێندن رویان لێدەکرێت، بریتین لە: (ئێران، تورکیا، مالیزیا، هیندستان و هەندێک وڵاتی ئەوروپی). بەشێک لەو کچانەشی لە گەرمیانەوە چونەتە دەرەوەی وڵات بۆ درێژەدان بەخوێندن، بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا و بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا رۆشتون.

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، باس لەوەدەکات کە داواکاری لەناو مامۆستایان دا بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا، زۆر بوە.

دارا ئەحمەد، بۆ (نەوژین) وتی: «نزیکەی (٥٠) ئافرەت کە پێشوتر خۆیان پیشەیان مامۆستا بوە، بج بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵاتر، بەمەبەستی خوێندن لەدەرەوی وڵاتن».

سکاڵا ئیدریس، ٢٥ ساڵ، دانیشتوی قەزای کەلارە و لە وڵاتی ئێران ماستەر دەخوێنێت. لەبارەی ئەم ئەزمونەیەوە، بۆ (نەوژین) وتی: «زۆر هۆگری خوێندن بوم، هەمیشە دەمویست زیاتر فێرببم، ئەمەش لای خێزانەکەم رون بو کەچەند هەوڵ لەپێناو درێژەپێدانی خوێندنەکەم دەدەم، بۆیە دوای تەواوکردنی زانکۆ، بڕیارمدا بەردەوام بم و ماستەر بخوێنم».

ئەگەرچی رێگریەکان زۆر بن، بەڵام وەک کچان ئاماژەی بۆ دەکەن، مکوڕیی ئەوان زیاترە.

کاژین، لەوبارەوە دەڵێت: پێموایە هیچ وڵات و سنورێک ناتوانێت ببێتە رێگر ئەگەر بە راستودروستی ئێمە هەنگاوی خۆمان نابێت.

سانیا-ش جەختیکردەوە «پێویستە هیچ کات، هیچ بیانویەک کە لە ژنان دەگیرێت، نەبێتە هۆی کۆڵدانمان، بەڵکو پێویستە سەلمێنەری توانای خۆمان بین».



# کچان جیۆلۆجی دەخوێنن و کار لە بوارەکەش دا ناکەن



■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل

**ئەگەرچی بەشێکی بەرچاوی کچان بەشی جیۆلۆجی لە زانکۆ دا تەواو دەکەن، بەڵام کەمتر کاری تێدا دەکەن، ئەمەش لەلایەک دەگێڕنەوە بۆ کەمی دەرفەتی کار، لەلایەکی تریشەوە بۆ دۆخی کۆمەڵایەتیی.**

جیۆلۆجی کە پێی دەوترێت (زانستی زەوی یان زەوی‌ناسی)، زانستێکی قوڵ و گرنگە و لە وڵاتان گرنگیەکی زۆری پێدەدرێت، لە روانگەی ئەو زانستەوە دەکۆڵرێتەوە لە چینەکانی زەوی و کانزا و سامانی نەوت و ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی، لەگەڵ هۆکارەکانی بومەلەرزە و دارمانی زەوی و چەندین زانیاری دیکەی گرنگ.

ئەم بەشە زانستیە لە مێژە لە زانکۆکانی هەرێم بونی هەیە، کە فێرخواز لە هەردو رەگەز تیایدا دەخوێنن، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە کچانی دەرچوی ئەو بەشە، کەمتر لەو بوارەدا کاردەکەن.

رێزان محەمەد، ٢٧ ساڵ، چوار ساڵ پێشتر لە زانکۆی سلێمانی بەشی جیۆلۆجی تەواو کردوە، بەڵام لەو بوارەدا کاری نەکردوە. وتی: «نەمتوانی کاربکەم لە بوارەکەی خۆم دا و خزمەتێک بکەم بەهۆی نەبونی دامەزراندن و کەمی رەخساندنی کار بۆ کچان لەو کارگە و شوێنانەی کە پەیوەندیدارە بە لایەنی جیۆلۆجیەوە، ئەمەش وایکردوە بێهیوا بین لەوەی کاربکەین».

سەبارەت بە رێگریەکانیش دەڵێت: رێگری زۆر هەن بۆ کچان و کوڕان لە کارکردن دا لەو بوارە، لەوانە: هێنانی پسپۆڕانی بیانی کە بەهۆیانەوە کەمترین هەل بۆ هێزی کاری ناوخۆیی رەخسێنراوە.

ئەو نەبونی دەرفەتی کارە، رێزانی ناچار کردوە رو لە کارێکی دیکە بکات، کە زۆر دورە لە پسپۆڕێتی خۆیەوە.

بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی گەرمیان، ئەو لایەنەیە کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە بواری جیۆلۆجیەوە هەیە لە سنورەکە. بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتیەکە، فەرمانبەرانی دامەزراوی هەمیشەیی تیای دا ٢٢ فەرمانبەرن (١٩ پیاو و ٣ژن)، هەروەک ژمارەی کارمەندانی گرێبەستیش ٢٧ کارمەندن (٢٤ پیاو و ٣ ژن).

لەبارەی هۆکاری کەمی بەشداری کچان لەم بوارەدا، لەپاڵ نەبونی دەرفەتی کار، باس لە رێگریی کۆمەڵایەتییش دەکرێت.

نەمام عەزیز، ٢٥ ساڵ، چوار ساڵە بەشی جیۆلۆجی تەواوکردوە، بۆ (نەوژین) وتی: پیشەکەی ئێمە بە پیشەیەکی «کوڕانە» ناودەبرێت، بۆیە خێزانەکانمان رێگەمان نادەن تیایدا کار بکەین ئەگەر دەرفەتی کاریشمان بۆ برەخسێت.

ئێستا بەوپێیەی دامەزراندن لە کەرتی حکومی دا راگیراوە، تەنها کەرتی تایبەت یان گرێبەستی کاتی هەیە بۆ کارکردنی دەرچوانی ئەم بەشە لەگەرمیان، بەڵام بە رای بەرپرسێکی حکومی، کچان خۆشیان لەمڕووەوە کەمتەرخەمن و نایەنەپێشەوە.

یادگار فەتاح، بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی گەرمیان، بۆ (نەوژین) وتی: دەرفەتمان بۆ کچان رەخساندوە بۆ کارکردن، بەڵام کەمتر هاتونەتە پێشەوە.

لەبارەی جۆری دەرفەتەکەشەوە وتی: تاکە دەرفەتی کچان دانانی سەرپەرشتیارە بۆ چاودێریی کانەکانی چەو و لم، کچانیش هەبون کە لەم بوارەدا چەندین مانگ کاریان کردوە لەگەڵمان دا، چونکە ئەم کارە دەکەوێتە سەر توانای کەسەکە خۆی نەک رەگەزی.

ئەو بەڕێوبەرە جەختی لەوە کردەوە کە بەهۆکاری کۆمەڵایەتیی بێت یان نەگونجانی کارەکە یان هەر هۆکارێکی تر کە باسی لێوەدەکرێت، زۆربەی کچانی دەرچوی جیۆلۆجی خۆیان دەبوێرن لە کارکردن لەم بوارەدا.

بەپێچەوانەوەشەوە، دەرچوانی دیکەی ئەم بەشە هەن کە لێنەگەڕاون ئاستەنگ و رێگریەکان لە بوارەکە دوریان بخاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە تیایدا دەستبەکار بون.

سایە کەریم، ٢٥ ساڵ، دەرچوی بەشی جیلۆجیە و ماوەی ٢ ساڵدا لەم بوارەدا کاردەکات، دەڵێت: «رێگەم نەداوە قسەی دەوروبەر کاریگەری هەبێت لەسەرم، بەڵکو هەوڵم داوە خۆم بسەلمێنم».

بەهۆی نەڕەخساندنی دەرفەتەوە نەمتوانی لەم بوارە کاربکەم

پیشەکەی ئێمە بە پیشەیەکی «کوڕانە» ناودەبرێت

# چیتر کڵاش تایبەت نیە بە پیاوان





**■ نەوژین، دیمەن ئیسماعیل**

**ئەگەر تائێستا واتزانیوە تەنها پیاوان کڵاش لەپێدەکەن، ئەوا بێگومان زانیارییەکەت هەڵەیە، چونکە ئێستا کچانیش رویان لە بەکارهێنانی کڵاش ناوە.**

کڵاش، لەو کەرەستە کۆنانەیە کە مرۆڤی کورد بۆ لەپێکردن و پاراستنی پێی بەکاریهێناوە، ئەمیش چەندین جۆری هەیە کە بە درێژایی مێژو گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوە، بەڵام دیارترینیان کە تائێستاش برەوی هەیە، کڵاشی هەورامیە کە بە «کڵاش پەڕۆینە»ش ناودەبرێت و بە زۆرییش لەگەڵ جلی کوردیی دا پیاوان لەپێی دەکەن.
چەندساڵێکە جۆرێکی دیکە لە کڵاش پەیدا بوە کە تایبەتە بە ژنان. ئەوانەی کە کڕیویانە، باس لەوەدەکەن لە بۆنەکان و لەسەر جلی کوردیی، لەپێی دەکەن.
خەیاڵ مەحمود، ٢٣ ساڵ، دانیشتوی گەرمیانە، بۆ (نەوژین) وتی: «زۆرم حەز لە کڵاش بو بۆ سەر جلی کوردی، رۆژێک سەردانی هەورامانم کرد بە وەستایەکی دروستکردنی کڵاشم وت دانەیەکی کچانەم بۆ دروست بکات، بە ٤٥ هەزار بۆی دروستکردم».
وتیشی: حەزم لە جلوبەرگی کلتوریی و رەسەنی کوردیە، کڵاشەکەش بۆ سەر جلی کوردی لە پێ دەکەم، سیمایەکی زۆر جوانی هەیە.
هەشیانە بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان بەکاری دێنن.
تابان عەلی، ٢٥ ساڵ، باسی لەوەکرد ماوەی ساڵێکە کڵاشی کڕیوە کە هاوڕێیەکی راسپاردوە لە هەورامانەوە بۆی بێنێت «ئێستا لە بۆنە و ئاهەنگەکان دا لە پێیان دەکەم».
ئەو کەسانەی کاری دروستکردنی کڵاش دەکەن، باس لەوەدەکەن خواست لەسەر بەرهەمەکە هەیە، ئەمەش وایکردوە بە بەردەوامی دروستی بکەن.
ئارام ئەحمەد، ٣٠ ساڵ، دانیشتوی ناوچەی هەورامانە و ماوەی ٩ ساڵە لەگەڵ براکەی دا ئیشی دروستکردنی کڵاش دەکات. بۆ (نەوژین) وتی: «من و براکەم پێشتر تەنیا کڵاشی پیاوانمان دروستدەکرد و کڕیاری زۆر بو، بەڵام ئێستا کڵاشی کچانیش دروست دەکەین، لە دوای ئێمەوە چەند وەستایەکی تریش دەستیان بەم ئیشە کردوە».
کڕیارەکان بەشێکیان سەردانیان دەکەن، بەڵام بەشێکی تریشیان لە رێگەی ئۆنلاین و تەلەفۆنەوە داوای دەکەن و ئەوانیش بۆیان ئامادە دەکەن و دەینێرن.
دیارترین جیاوازیەکانی کڵاشی ژنانە لە پیاوانە، ئەوەیە کە نەخش و دیزاینی زۆر و هەمەجۆری هەیە.
سالار، کە لەگەڵ (ئارام)ی برای دا کاردەکات، لەمبارەیەوە وتی: «شێوازی کڵاش دروستکردنی ژنان جیاوازە و هەرجارە و بەجۆر و ستایلێک دروستی دەکەین، سەرەتا قردێلەمان لێدەخست و بەنی سورمان تێدەخست، هەرجارە و کە دروستی دەکەین شێواز و ستایلێکی نوێی پێدەدەین».
ئێستا ئەم بەرهەمە نەک لە ناوخۆ، بەڵکو کوردانی تاراوگەش داوای دەکەن، نرخەکەیشی بەپێی کوالێتی و قەبارەکەی دەگۆڕێت و بەگشتی لەنێوان ٢٥ بۆ ٦٥ هەزار دینار دایە.
کڵاش یەکێکە لە دێرینترین کەرەستەکان کە تائێستاش توانیویەتی بەردەوام بێت و برەوی هەبێت.
ئاکۆ حەمید، شارەزا لەبواری مێژو، لەبارەی مێژوی ئەم کەرەستەیەوە وتی: کڵاش مێژویەکی دێرینی هەیە و بۆ ٧٠٠ ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە، لەوڵاتانی دەرەوەش لە فیستیڤاڵەکان دا نمایش دەکرێت لەلایەن دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمەوە، جوتێک کڵاشی هەورامی کۆنیش هەیە درێژیەکەی ٥٥ بۆ ٦٠ سانتیمەتر دەبێت لە مۆزەخانەیەکی ئیتاڵیادا هەڵگیراوە.
ئەو باسی لەوەکرد ئەوەی تائێستا زانراوە ئەوەیە کە تەنیا رەگەزی نێر بە ئاستە تەمەنە جیاوازەکانەوە کڵاشیان بەکارهێناوە و هیچ ئاماژەیەک نیە بۆ ئەوەی رەگەزی مێ بەکاریان هێنابێت، هەربۆیە ئەوەی ئێستا دروست بوە، جۆرێکە لە مۆدێل و تازەگەری کە لەم بەرهەمە دێرینە دا هێنراوەتە ئاراوە.

# خولی ئۆنلاین کاتە بەتاڵەکانی کچان پڕدەکاتەوە

**■ نەوژین، خۆشبین جەلال**

**ئەو ماوەیەی بەهۆی رێکارەکانی کۆرۆناوە خوێندن راگیرا بو، (ئالا) کاتەکانی هەروا بە هەدەر نەدا، بەڵکو قۆستیەوە بۆ بەشدارییکردن لە خولی ئۆنلاین دا، پێیوایە بڕیارێکی دروستی داوە و سودی زۆری هەبوە بۆی.**

لەگەڵ بڵاوبونەوەی کۆرۆنا و راگرتنی دەوام و خوێندن و کەمبونەوەی جموجۆڵ و چالاکی، خولە ئۆنلاینەکان، ئەوانەی لە رێگەی تۆڕە جیاوازەکانی ئینتەرنێتەوە ئەنجام دەدرێن، برەویان پەیدا کرد.
بەشێکی بەرچاو لە کچان، بەشدارییان لەو خولانەدا کرد و ئاماژەش بەوە دەکەن کە سودی زۆری پێگەیاندون.
ئالا محەمەد، ٢٠ ساڵ، دانیشتوی قەزای کەلارە و فێرخوازی بەشی پزیشکی ددانە، لە سەروبەندی راوەستانی خوێندن لە دوای کۆرۆنا، لە خولێکی زمانی ئینگلیزی دا بەشداریی کردوە.
وتی: بەشداریم کرد لەخولی زماندا و تائێستاش بەردەوامم و سودێکی زۆرم لێبینیوە، هانیشی داوم بۆ ئەوەی کاتی زیاتری بۆ تەرخان بکەم و بتوانم بە تەواوی فێر ببم.
ئەوەی وایکردوە ئەم خولانە برەویان هەبێت، ئەوەیە کە بەشداران لەماڵی خۆیانەوە دەتوانن بەشدار بن و هیچ قورساییەکی کات و تێچونی ئەوتۆش ناخاتە سەریان، ئەمە جگە لەوەی دەیان خولی جۆراوجۆر بەردەستن کە ئارەزومەندان دەتوانن بەشداریی تێدا بکەن، بەشی زۆری ئەم خولانەش بە خۆڕاین یان پارەیەکی کەم وەردەگیرێت لەبەرامبەر بەشدارییکردن دا.

> بەشدارییکردن لە خولی ئۆنلاین ئاسانترە و ئەزمونێکی تازەیە

ساکار حەسەن ، ٢٠ ساڵ، دانیشتوی کەلار، یەکێکی ترە لەو کچانەی بەشداریی چەندین خولی ئۆنلاینی کردوە و بەوتەی خۆیشی سودێکی زۆری لێ بینیوە.
وتی: بەشدارییکردن لە خولی ئۆنلاین ئاسانترە وەک لە خولی ناو پۆل و گروپەکاندا، هەروەک ئەزمونێکی تازەیە و زانیاریی زۆریشت پێدەبەخشێت.
هەمو ئەو تایبەتمەندیانە، پاڵی بە (ساکار)ەوە ناوە بۆ ئەوەی بە بەردەوامی بەشداریی لە خولە ئۆنلایەنەکان دا بکات.
برەوپەیداکردنی خولە ئۆنلایەنەکان، هانی کچانی داوە کە نەک هەر بەشداریی، بەڵکو خۆشیان خول و راهێنانی جیاواز بۆ کەسانی دیکە بکەنەوە و ژمارەیەکی بەرچاو لە کچان و کوڕان بەشداری تێدا بکەن.
چاوان خەلیل، خاوەنی بڕوانامەی ئەندازیاری پلاندانانە، پاش ئەزمونی بەشدارییکردنی لە چەندین خولی ئۆنلاین دا، بڕیاری داوە ئیتر خۆی خول بۆ کەسانی دیکە بکاتەوە و لە گوێگر و راهێنراوەوە ببێتە وانەبێژ و راهێنەر.
ئەو لەبارەی ئەزمونەکەیەوە بۆ (نەوژین) وتی: لەسەرانسەری جیهاندا و لە زۆربەی بوارەکان دا خولەکانی ئۆنلاین بەردەستن بۆ فێرخوازان و ئارەزومەندانی بواری پەروەردە و زانست، ئەمەش وای لە من کرد خواستم بۆ وتنەوەی خولە ئۆنلاینەکان زیاتربێت.
وتیشی: «دوای ئەوەی خوێندکارەکانم یەکەم کۆرسیان بەدڵ بو و داوای کۆرس و بابەتی زیاتریان لێکردم، بۆیە منیش زیاتر پەرەم بە کارەکەم دا و بەردەوام بوم».
ئەم برەوپەیداکردنەی خولی ئۆنلاین، هانی کچانی دیکەی داوە کە هەوڵ بۆ بونیادنانی پرۆژەی جیاواز بدەن لەم بوارە.



دالیا ئازاد، ٢٤ ساڵ، دانیشتوی کەلار، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دەرچوی زانکۆ دا دەستیان کردوە بە بونیادنانی پرۆژەیەکی پەروەردەیی، کەتێیدا وانەکانی قوتابخانە لە پۆلی یەک هەتا پۆلی دوانز بە ئۆنلاین دەڵێنەوە.
وتی: ئامانجمان لەم کارە ئەوەیە ئاستی پەروەدە و زانستی فێرخوازان پەرەپێبدەین و بتوانین لەم رێگەیەوە سودێکیان پێ بگەیەنین.

# کچانی خاوەنکار پاڵپشتی بۆ یەکتر رادەگەیەنن

▪ نەوژین، رێناس سالح

**لە کەلار خانمانی خاوەنکار لە رێگەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە دروشمی «هەرگیز مەوەستە لە فێربون» بۆ پاڵپشتی یەکتر بڵاودەکەنەوە و پەیامی ئەوە دەگەیەننە ژنانی دیکە کە هەرگیز لە فێربونی کاری نوێ نەوەستن و بەردەوام بن، ئەوان دەیانەوێت لە کارەکانیان براندی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بڕوانامەی زانکۆشیان نەکردوە بە بنەمای پیشەکانیان.**

ئەو خانمانەی بەشدارن هەریەکە و چیرۆکێکی جیاوازی بۆ دەستپێکردنی کارەکەی هەیە.

تیشکۆ حەسەن، کە خاوەنی بیرۆکەکەیە، ئەگەرچی دەرچوی بەشی ئەندازیاری بیناکاریە، بەڵام لە چەندین بوار هەوڵی فێربونی داوە و ئەو کارەشی ئێستا دەیکات دورە لە بواری پسپۆڕیی خوێندنیەوە.

وتی: زۆر حەزم لە بیرۆکەی ئیش و نوێگەرییە، هەمیشە حەزم کردوە لە چەند بوارێک ئیش بکەم بەدەر لە بوارەکەی خۆم، ماوەی ٣ساڵ چەند کۆرسێکی گیایی و جوانکاریم خوێند و بڕوانامەی «bio aqua»م هەیە بۆ بەرهەمی سروشتی و جوانکاری پێست و نەهێشتنی هەڵوەرینی قژ بە کۆرسی تایبەت.

بەهەمان شێوەی تیشکۆ، (ئەسما ئەحمەد)، خاوەنی کاری سەربەخۆی خۆیەتی و کارەکەی نەبەستوەتەوە بە بڕوانامەیەکەیەوە، ئەگەرچی ئەو دەرچوی بەشی پەروەردەی کیمیایە، بەڵام ئەو ئێستا کاری دیزاین و دیکۆری بۆنە و ئاهەنگەکان دەکات لەگەڵ دروستکردنی ئێکسسوارات و چنین.

ئەسما، لەکاتی باسکردنی کارەکەی بە ئومێدی زۆرەوە وتی: کارەکەم زۆر باشە، لە پلانمدایە جێگەیەکی تایبەت بە کارەکەم بکەمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەلی کار بۆ چەند خانمێکی دیکەش بڕەخسێنم.

ئەو خانمەشی لە کەلار خاوەنی «فایا دیزاینەر»ـە، هاوبەشی ئەم خانمانەیە کە پاڵپشتی یەکترن، وەکخۆی دەیگێڕێتەوە لە پێشتر ساردبونەوەی هەبوە بۆ کارەکەی، بەڵام هاوڕێ و کەسە نزیکەکانی هاوکاری بەردەوامی بون تا گەشتنی بەوەی کاری تایبەتی خۆی هەبێت.

فاتمە ئەحمەد، لە بارەی کارەکەشیەوە وتی: «بەرەوپێشچونێکی زۆر باشی هەبوە، بۆیە هەنگاوم بۆ فراوانکردنی کارەکەم دەستپێکردوە، لە کارەکەشمدا خانمان سەربەستن کە خۆیان دیزاینێکی دیاریکراویان دەوێت یاخود خواستیان لەسەر دیزاینەکانی خۆم دەبێت بۆ جلوبەرگەکانیان».

بەهۆی بەرەوپێشچونی تەکنەلۆژیاو بەردەستبونی فێرکاری و زانیاری لە ماوەیەکی کورت ئەمە وایکردوە کچان و ژنان لەماڵەکانی خۆیانەوە کۆرسی فێربون وەربگرن و دواتر لە کارەکانیان بیخەنەڕو.

یەکێک لەو خانمانەی خاوەنکاری سەربەخۆی خۆیەتی لەو رێگەیەوە توانیوەیەتی دەستی بگات بە فێرکاریەکان، (ئەژین عەباس)ـە، کە ئەوە لە تەمەنی ١٢ ساڵیەوە لە رێگەی یوتیوبەوە کۆرسی فێرکاری چنین وەردەگرێت.

لە گێرانەوەی سەرەتای کارەکەی و ئێستا کە خاوەنی کاری خۆیەتی، (ئەژین)، وتی: کاتێکی زۆم ویست تاوەکو بەتەوای فێربوم، دواتر دەستم کرد بەوەی سەلیقەی خۆمی تێکەڵ بکەم.

ئەو لە سەرەتادا شەرمی کردوە کارەکە بکات «سەرەتا تەنها بۆ ماڵەوەی خۆمان و کەسە نزیکەکانم چنینم دەکرد، زۆر شەرمم دەکرد ئەگەر کەسێک بیزانیایە من ئەو کارە دەکەم، بەڵام بە هاندانی هاوڕێکانم من ئێستا کارەکانم بە ئۆنلاین بڵاودەکەمەوە و دەیفرۆشم».



















خانمێکی دیکەی خاوەنکار و بەشدار لە گروپی پشتیوانی ژنانی خاوەنکار (ژوان جەلال)ـە، ئەو کاری شیرینی دروستکردنەوە لە رێگەی ئۆنلاین و مۆڵەکانەوە کڕیارەکانی تامی شیرینەکانی دەکەن کە شیرینی جیاوازی وڵاتانی دیکە دروست دەکات.

ژوان، کارکردنی ژنان و پشتگیری کردنیان بە ئەرکی خۆی دەزانێت و دەڵێت: دەبێت پێکەوە پشتیوان و هاوکاری یەکبین.

ئەوەی (کەشێ) جیادەکاتەوە لە هاوکارەکانی، چۆنیەتی فێربونی کارەکەیەتی.

کەشێ یاسین، بەمشێوەیە باسی بون بە خاوەنی کاری خۆی کرد: لەبەر ئەوەی دایکم بەرگدورێکی سەرکەوتوە، منیش لەوەوە فێر بوم، ئێستاش وەک هەمو کارەکانی دیکەی ژیانم دەڵێم من دەتوانم بگەم بە ئامانجەکەم، بۆیە لە پلانم دایە براندی تایبەت بە کارەکەم دابنێم.


ئەم پۆلە لە خانمانی ئیشکەر، بە گرۆتینێکی زۆرەوە کاردەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا دەیانەوێت پاڵپشت و هاوکاری یەکتری بن.

تیشکۆ، لەوبارەوە بە پێداگیرییەوە وتی: «دەبێت ژنان بەردەوامبن لە هەوڵەکانیان تادەگەن بە ئامانجەکانیان».

---

## ئەزمونی کارکردنی خێزانێک لە گوند...

# بوک و خەسو شیرەمەنی دروست دەکەن و کوڕ دەیفرۆشێت



▪ نەوژین، محەمەد مەحمود

**هەمو رۆژێک (ئامینە) لەگەڵ بوکەکەی دا، پاش دۆشینی مانگاکانیان، دەست بە دروستکردنی بەرهەمی شیرەمەنی جیاواز دەکەن. پاش ئەوەی پێدەگات، کوڕەکەی دەیگەیەنێتە بازاڕ و کڕیارەکان.**

**ئەوان نمونەی خێزانێکی گوندیی گەرمیانن، کە بە لێکتێگەیشتنێکی زۆرەوە کاسبییەکیان بۆخۆیان بونیاد ناوە.**

سەرباری ئەوەی بازاڕەکانی هەرێم پڕە لە بەرهەمی شیرەمەنی بیانیی، بەڵام هێشتا خواست لەسەر بەرهەمی خۆماڵیش هەیە، هەربۆیە بەشێک لە خێزانەکان بە کاری بەرهەمهێنانی شیرەمەنییەوە سەرقاڵن، لەم نێوەندەشدا ژنیان رۆڵی بەرچاویان هەیە.

ئامینە ئەحمەد، ٥٧ ساڵ، نمونەی یەکێکە لەو ژنانەی گەرمیان، کە بە کاری ئاژەڵداریی و بەرهەمهێنانی شیرەمەنیەوە سەرقاڵە، لەم کارەشدا، کوڕ و بوکەکەیشی هاوبەش و هاوکارین.

ئەو لە گوندی قولەسوتاوی سەر بە قەزای کەلار دادەنیشێت، لە تەمەنی ٢٠ ساڵیی دا هاوسەرگیریی کردوە وخاوەنی ٩ منداڵە.

وەکخۆی بۆ (نەوژین)ی باس کرد، لەمێژەوە کاری ئاژەڵداریی دەکەن و شارەزاییان هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستایان جیاوازە «جاران زۆرتر مەڕ و بزنمان هەبو و بەگشتی ئاژەڵدار بوین، بەڵام ئێستا وڵاخ و بەتایبەت مانگامان هەیە و بەرهەمی شیرەکانیان دەکەینە شیرەمەنی جۆراوجۆر».

ئەو رۆژانە بە هاوکاری بوکەکەی، شیر دەدۆشن و پاشان دەیکەن بە بەرهەمی جیاوازی وەکو: ماست، پەنیر، کەرێ، رۆنی کوردی، قەیماغ و هەروەک شیرەکەش بە خاویی دەفرۆشن.

لەکاتێکدا نێوانی بوک و خەسو بەردەوام وەکو پشکۆیەک وێنا دەکرێت کە هەمو کات دەشێت گەش ببێتەوە، بەڵام وادیارە ئەم بوک و خەسوەی گەرمیان، توانیویانە لێکتێگەیشتنێکی باشیان هەبێت و پێکەوە کارەکانیان بکەن.

نزار نەجم، ٣٠ ساڵ، بوکی (ئامینە)یە، وتی: «رۆژانە لەگەڵ خەسوم پێکەوە وڵاخەکان دەدۆشین و دواتر چەند بەرهەمێکی لێدروست دەکەین».

کارەکانی ئەم خێزانە، لە سەر سێ پایە وەستاوە، (ئامینە) و (نزار) دوان لەو پایانەن و (کەمال)یش پایەکەی تری.

کەمال مەحمود، ٣١ ساڵ، کوڕی (ئامینە) و هاوسەری (نزار)ـە، پاش ئەوەی بەرهەمەکان ئامادە دەبن، ئەوکات کاری ئەو دەستپێدەکات.

وەکخۆی ئاماژەی بۆکرد، کاری بەبازاڕکردن و فرۆشتنی بەرهەمەکان کەوتوەتە ئەستۆی ئەو، هەمو رۆژێک بەرهەمەکان دەگەیەنێتە بازاڕ و لەوێ بەپێی نرخێک کە پێشتر دیارییکراوە، ساغیان دەکاتەوە.

وتی: «ماوەی چەند ساڵێکە لەخوێندن دابڕاوم، دواتر لەگەڵ دایکمدا دەستم بەم پیشەیە کرد و ئێستاش بە هاوکاری هاوسەرەکەم بەردەوامین».

ئەو کوڕە لە یەک کاتدا هەم دڵخۆشی و هەم شانازییش بە روخسار و قسەکانی دا بەدیی دەکرا، بەوەی ئەو کارە بە هاوکاری دایک و هاوسەرەکەی ئەنجام دەدات و پێکەوە وەکو تیمێک کاردەکەن.

«ئێمە کڕیاری خۆمان هەیە و رۆژانە بەرهەمەکانیان پێدەگەیەنم لە کەلار، لەخوا بەزیاد خواست و داواکاریش لەسەر بەرهەمەکانمان باشە». کەمال وای وت.

پەیوەندی نێوان فرۆشیار و کڕیار، بەردەوام کێشەی تێدەکەوێت، بەڵام وەک (ئامینە) باسی کرد، کڕیارەکان لە بەرهەمەکانیان رازیین «موشتەریەکان زۆر لێمان رازین و خواستێکی زۆر لەسەر بەرهەمەکانمانە».

# لە ئاوارەیی دا دەست بە کشتوکاڵ دەکەن



■ نەوژین، لەیلا ئەحمەد

**کارکردن لە کێڵگەیەکی کشتوکاڵیی و بە درێژایی ڕۆژ، ڕەنگە ڕوداوێک بوبێت کە هەرگیز (نەسرین) بیری بۆ ئەوە نەچوبێت دەبێتە چارەنوسی، بەڵام ئەو کاتێک لەترسی گیانی خۆیان لەگەڵ خوشک و براکانی دا شارەکەی خۆیان بەرەو گەرمیان بەجێهێشت، ئێستا لەم ناوچەیە پاش گیرسانەوە، دەستیان داوەتە کاری کشتوکاڵی بۆ بژێوییان.**

ژمارەیەک لەو خێزانە ئاوارانەی کە لە سنوری گەرمیان نیشتەجێبون، لە ناحیە و گوندەکان کاری کشتوکاڵی دەکەن، بەتایبەت ژنانی خێزانەکان. لە ناحیەی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری، بەشێک لەو خێزانانە سەرقاڵی کارکردن لە کێڵگە کشتوکاڵیەکان و بەتایبەت خانوە پلاستیکییەکان.

ژنانی ئاوارە، باس لەوەدەکەن کە دۆخی ژیانیان زۆر قورس و ناڕەحەتە.

نەسرین حاتەم، ٢٣ ساڵ، خەڵکی پارێزگای دیالەیە و ئێستا لە ناحیەی سەرقەڵا گیرساوەتەوە. باسی لەوەکرد کە ئەوان ٨ خوشک و بران، دایکی بەسەر منداڵەوە گیانی سپاردوە و باوکیشی بەهۆی شەڕی تائیفیەوە کوژراوە، بۆیە ئەوان بەبێ بەخێوکەر ماونەتەوە.

دۆخی ئەوان کاتێک سەختتر بو کە بەهۆی شەڕی تائیفی و هاتنی داعش و پاشان هێزەکانی حەشدی شەعبیەوە، ناچار ئاوارەی هەرێمی کوردستان بون و لە گەرمیان گیرسانەوە، سەرەتا لە قەزای کفری و پاشان ناحیەی سەرقەڵا. بۆ بژێویی ڕۆژانەش، لە خانوی کشتوکاڵیی پلاستیکیی دا کار دەکەن.

وتی: ژیانمان بەکاری قورس بەڕێدەکەین، بە ساڵ لەبەر بێ پارەیی بازاڕمان نەبینیوە.

ئەو باسی لەوەشکرد کە لە بەیانی زوەوە تا نزیک خۆرکەوتن لە کێڵگەکەدا کاردەکەن، ئەمەش وایکردوە هەست بە ماندویەتیەکی زۆر بکەن «زۆرماندوین، بە هاوین چۆڕەی عارەقمان دێت، بە زستانیش دەموچاومان دەسوتێتەوە لە سەرمادا».

ئەگەر ئەم کارە بۆ کچانی گەنج ئەوەندە پڕ زەحمەت بێت، ئاخۆ دەبێت بۆ ژنانێک کە تەمەنیان کردوە چۆن بێت؟ نەجیبە عەبدوڵڵا، ٥٨ ساڵ، یەکێکی دیکە لە ژنانی ئاوارە لە ناحیەی سەرقەڵا، کاتێک لەسەر کاری کێڵگە کشتوکاڵیەکە بو چاومان پێکەوت، سەرباری ماندوێتیی، بێزاریی و هیوابڕاوییش لە ڕوخساریدا دەخوێنرایەوە.

وتی: بەیانیانی زو لەگەڵ کچەکانم دێمە کاری کشتوکاڵی لەنێو خانوە پلاستیکیەکان و دواتریش کەچومەوە ماڵ بەسەر کاری نانکردن و پاککردنەوەی ماڵەوە دا ڕادەگەم.

باسی لەوەشکرد بەهۆی ئەو دۆخەی تێیکەوتون، ناچار منداڵەکانی لەبەر خوێندن دەرکردوە، هەمویان پێکەوە لەو خانوە پلاسیتیکیانەدا ڕۆژانە کاردەکەن و هاوشانی ئەوەش کاری ئاژەڵداریی دەکەن.

ئەو ژنانە هاوشانی ئەندامانی دیکەی خێزانەکانیان، خانوە پلاستیکیە کشتوکاڵیەکان بەڕێوەدەبەن، بەشێوەیەک هەر خێزانە و ژمارەیەک لەو خانوانەی لە ئەستۆ گرتوە و کاری تێدا دەکات، خانوەکانیش هی جوتیار و کشتوکاڵکاری کوردی ناحیەکەن.

ئاری محەمەد، کە سەرپەرشتیاری بەشێک لەو خانوە پلاستیکیانەیە، جەختی لە سەختی دۆخی ژیانی ئاوارەکان کردەوە.

وتی: ئەو خێزانانە کاری باش دەکەن و دڵسۆزن لە کارەکانیان، بەڵام ڕەوشی ژیانیان خراپ و قورسە، نائومێدن لەژینیان.

وتیشی: ئێمە بەپێی توانا یارمەتیدەریان بوین، بۆنمونە کرێی شوێنی نیشتەجێبونیان لێوەرناگرین، تا بۆشمان بکرێت هاوکاریان دەبین.

ئەگەرچی دۆخی ژیانیان قورس و نالەبارە، بەڵام بونیان لە ناوچەکە و لە پاڵ ئەو دۆخە ئاسایشە بەرقەرارەی کە هەیە، سوکنابیەکە بۆیان، بەتایبەتی کە ئەوان لە حەزمەتی گیانیان دا ڕێگەی ئاوارەییان پێواوە. (نەجیبە) لەوبارەوە وتی: «ئەو هەمو ماندوبونە بۆ ئەوەیە موحتاجی کەس نەبین و بژێویمان بەبێوەی پەیدابکەین».

---

# بە کەمپین خەڵکی لە مەترسیەکانی کۆرۆنا ئاگادار دەکەنەوە







■ نەوژین

**زۆرینەی ڕۆژەکانی هەفتە، (ئیمان) لەگەڵ هاوڕێکانی دا، دەچنە فەرمانگە حکومیەکان و شوێنە گشتیەکان و بازاڕ، لەوێ پۆستەری هۆشیاری بڵاودەکەنەوە و هاوڵاتیان هان دەدەن بۆ پابەندبون بە ڕێنماییە خۆپارێزیەکانی کۆرۆناوە.**

لەگەڵ بڵاوبونەوەی کۆرۆنا لە هەرێم و بەتایبەتی توشبونی ژمارەیەکی بەرچاو لە هاوڵاتیان، لە زۆر شوێن دا کەمپین و هەڵمەتی جیاواز دەستپێکراوە، بە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە مەترسیەکانی ئەم نەخۆشیە و هەروەها هاندانیان بۆ خۆپارێزیی.

یەکێک لەو کەمپینانە، ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی بەناونیشانی «لە هاوڵاتیەوە بۆ هاوڵاتی» ڕایگەیاندە، کە درێژەپێدەری کەمپینی «نا بۆ توندوتیژی»یە و ئامانجی کەمپینەکەش هاندان و هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیانە بۆ خۆپاراستن لەڤایرۆسی کۆرۆنا.

ئەم کەمپینە، چالاکیەکانی لەسەر چەند ئاستێکی جیاواز بەڕێوەدەچێت، بەشێوەیەک هەمو ڕێگایەکی گونجاو دەگرێتەبەر بۆ گەیاندنی هۆشیاریی بە هاوڵاتیان.

ئیمان نوری، یەکێک لە ئەندامانی کەمپینەکە، بۆ (نەوژین) باسی لەوەکرد: چالاکیەکانیان هەم بابەتی هۆشیاریی لەخۆ دەگرێت، هەم دابینکردنی پێداویستیی خۆپارێزیش.

وتی: لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هۆشیاریی بڵاودەکەینەوە، هاوکات لە شوێنە جیاوازەکانیش دا پۆستەر و لیفلێتی هۆشیاریی دابەش و بڵاودەکەینەوە، لەگەڵ ئەنجامدانی سیمیناری هۆشیاریی، ئەمە جگە لە دابەشکردنی دەمامک و مادەی پاکژکەرەوە.

ئەم هەڵمەتە لەکاتێکدایە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ ژمارەی حاڵەتەکانی توشبون بە کۆرۆنا لە زیادبون دایە، لەبەرامبەریشدا هەست بەوەدەکرێت خۆپارێزیەکان بەشی پێویست نین و هاوڵاتیان زۆر پێوەی پابەند نابن.

خەڵات ساڵح، ئەندامێکی دیکەی کەمپینەکەیە، باسی لەوەکرد ئەم گوێپێنەدانەی هاوڵاتیان، هۆکار بوە بۆ دەستپێکردنی هەڵمەتەکەیان.

وتی: دەستپێکردنی کەمپینەکەمان کاتێک بو کە بۆمان دەرکەوت پابەندبونی هاوڵاتیان بە ڕێنماییە خۆپارێزیەکان و هەستکردن بەبەرپرسیاریەتی زۆر لاوازە، لەبەرامبەریشدا پەتای کۆرۆنا لەهەرێمی کوردستان و ناوچەی گەرمیانیش بە بەربڵاویی تەشەنەی سەندوە.

کەمپینی «لە هاوڵاتیەوە بۆ هاوڵاتی»، جگە لە گەرمیان، لە پارێزگاکانی هەولێر و هەڵەبجەش بەڕێوەدەچێت. لە گەرمیانیش ئەو شوێنانەی کە خۆیان بە پێویستی دەزانن، سەردانیان کردون، وەکو: فەرمانگەکان، نەخۆشخانەکان، دادگا، عەلوە، گەراجی ناوخۆیی، بنکەی گرتن و گواستنەوە، بازاڕ و زۆر شوێنی دیکە. جگە لە ناوەندی قەزاکانیش، ناحیە و گوندەکانیش پشتگوێ نەخراون.

بەپێی ئاماری وەزارەتی تەندروستی هەرێم، هەتا بەرواری ٢٦ی ئەیلول، (٤٥٢١٥) هاوڵاتی لە هەرێم توشی نەخۆشی کۆرۆنا بون، لەو ڕێژەیەش (٣٧١٩) حاڵەتیان لە گەرمیانە.

ئیمان نوری، باس لەوەدەکات بۆ دەربازبون لەم پەتایە، هەمو تاکێک بەرپرسیارە و پێویستە بە بەرپرسیارێتیشەوە مامەڵە بکات. «دەبێت هاوڵاتیان بەبەرپرسیارانەوە بەرەنگاری پەتای کۆرۆنا ببنەوە، چونکە ڤایرۆسەکە بەزویی بڵاوە دەکات و زۆرترین کەس توشبون». (ئیمان) وای وت.

ئەو ئەندامانەی هەڵمەتەکە، نیگەرانی خۆیان نەشاردەوە لەوەی کە خۆپارێزیی هاوڵاتیان بەپێی پێویست نیە، بەشێوەیەک وەک پێش سەرهەڵدانی ڤایرۆس و نەخۆشیەکە تێکەڵ دەبن و لە یەکتری نزیک دەبنەوە.

خەڵات، لەمبارەیەوە وتی: ناکرێت خۆمان نەپارێزین، چونکە خۆنەپاراستن بەواتای بەردەوامبونی ڤایرۆسەکە بەم لێشاوە بەهێز و زۆرە، بەپێچەوانەوە خۆپاراستنیش واتا کەمبونەوەی مەترسیەکانی.

# شێوەکارێک عەشق و ئەدەب بە تابلۆ دەنەخشێنێت

■ نەوژین، ڕێناس سالح

**تابلۆی سوریالی دەکێشێت و ڕۆحی خەیاڵی ئەدەب و ئیلاهات و عەشق دەکاتە تاڵەکانی فڵچەکەیەوە و بە ڕەنگ لەسەر پەڕە سپیەکان دەینەخشێنێت، ئازارەکانی ژنبونیش بون بە بەشێک لەکارەکانی، بەڵام نایەوێت ژن مەلێکی زامدار بێت.**

ژنە شێوەکار (ئاریز بەرزان)، جیاواز لەوەی دیومانە و پێی ئاشنایین وێنە دەکێشێت، ئەو لە هەر هێڵێکی دا فیکرێک و لەهەر گۆشەیەکدا خەمێک و لەهەر چوارچێوەیەکدا زیاد لە چیرۆکێک دەهۆنێتەوە.

ئارێز، لە ساڵی ١٩٩٥ لە کەلار لەدایک بوە، هونەری وێنەکێشان هەر لە سەرەتاوە بەشێک بوە لێی، وەکخۆی هێمای بۆ کرد: هەر لە تەمەنی منالیەوە وێنەکێشان لە ژیانیدا نەشونمای کردوە و بەبێ دابڕان لەگەڵیدا گەورە بوە، ئەگەرچی خوێندنی زانکۆشی لە بەشێکی تایبەتمەند بە هونەر نەبوە، بەڵام هێشتا ئەمەش راینەگرتوە.

ئارێز، بەشی زمانی ئینگلزی لە زانکۆ خوێندوە، لەو ماوەیەشدا دانەبڕاوە لە پێشەنگاکان و تابلۆکانی نمایشکردوە، دواتریش خۆی چەند پێشەنگایەکی کردوەتەوە.

لەکاتی گێڕانەوەی هەستی خۆی لەکاتی ئاوێتەبونی بە کارەکەی و تێکەڵکردنی ڕەنگ و گرێدانی بە هزر و ڕۆحی، بۆ (نەوژین) بەمشێوەیە قسەی کرد: «بەحوکمی ئەوەی تابلۆی سوریالی دەکێشم، ئیحساسی منیش لە کاتی وێنەکێشان ئەوەیە کە دەگەڕێمەوە بۆ وجودی خۆم یان لەمسی روحم دەکەم».

ئاریشە و خەمەکانی ژن بەدەر نین لە کارەکانی ئەم ژنە شێوەکارە، بەڵام ئەو جیاوازتر دەیەوێت ئازارەکانی ڕەگەزی مێ لە کۆمەڵگەی کوردی بخاتە سەر تابلۆکانی «ژن لە تابلۆکانی مندا پێش ئەوەی بگات بە قەزیەی کوشتن، ئازارە سروشتیەکانیم کێشاوەتەوە، بەو مانایەی هەمو تێبگات لەوەی خودا روحی ژنی بە هەڵگری سەبر ئافراندوە».

دەشڵێت: نامەوێت ژن هەمیشە باڵندەیەکی زامدار بێت، من ئەو لە مرۆڤ جیاناکەمەوە، دەمەوێت کۆمەڵگەش ئەو بیرکردنەوەیە بچەسپێنێت.

پەیام یەکێکە لە خەسڵەتەکانی بواری هونەر، کە ڕەنگدانەوەی کاری ئەو کارەکتەرەیە لەو بوارەدا، (ئارێز) دەیەوێت پەیامەکانی تادەکرێت، نوسینەوەی روت و بێ ڕۆحی خەم نەبن.

«ئەو پەیامانەی من دەمەوێت بیگەیەنم، دورە لە هەمو حوزنێک، چونکە نامەوێت دوبارە چیرۆکێکی سەخت بەرامبەر بەوەی گوێم لێ بوە بکێشمەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی زیاتر لە بازنەی ئیلاهیات و ئەبەدیەت دایە، چ روح بێت یان عیشق لە دونیاکەی تردا، زۆرجاریش ئەو موگناتیسی خۆشەویستییەی کە لە نێوان دایک و باوک و منالدایە، دەبێت بە ئایدیایەکی حەتمی بۆ تابلۆکانم».

ئەوەی کارەکانی ئەم شێوەکارەی جیاواز کردوە، ئەوەیە هیچ کات مەیلی کۆپیکردنی کاری پێش خۆی نەبوە، کە ئەمەش کارێکی قورس و سەختە.

ئارێز، لەباسی کاریگەری هونەرمەندانی ئەم بوارە لەسەر کارەکانی، وتی: (مایکڵ ئەنجلۆ، سالڤادۆر دالی و فریدا کاهلو) چێژ لە ئازایەتی وێنەکانیان دەبەم، بەڵام کاریگەریان لەسەر خودی تابلۆکانم دانەناوە.

ترس لەوەی کۆمەڵگە قبوڵی نەبێت بەدەستی کچێک تابلۆیەک نەخشرابێت، لەسەرەتای دەستدانە کارەکەیدا لەلای (ئارێز) دروست دەبێت. لەسەر ئەمە وەستا و باسی ئەو کاتانەی بەمشێوەیە بۆ (نەوژین) گێڕایەوە: «سەرەتا کە دەستمکرد بە بڵاوکردنەوەی تابلۆکانم، بەربەست و قسە هەبون، هەمیشە ترسی ئەوەم هەبو لە ژینگەیەکی نەختێک داخراو پێدەچێت بە ئیحساسێکی ترەوە سەیری تابلۆکان بکەن، یان ئەوەی دەستی کچێکە ئەم وێنانە دەکێشت».

بەردەوام بو لە قسەکانی و وتی: ئەوانەش تێپەڕین، خودا یارمەتیدەری من بو، لەگەڵ ئەوەشدا خێزانەکەم هەمیشە پاڵپشتی من بون لەکاتێکدا قسەی کۆمەڵگا روبەڕوم دەبویەوە، ئێستاش هاوسەرەکەم جگە لەوەی نوسەرە کە گونجاندنێکی زۆر تەواو لە نێوان کارەکانماندا هەیە، پشتیوان و ئومێدی هەمو هەنگاوەکانمە، ڕەنگە وشەکان حەق نەدەن چۆن سوپاسیان بکەم».

لە پاڵ پشتیوانی خێزانەکەی دا، روانینی قوڵی هەر کەسێک بۆ تابلۆکانی، بە گەورەترین پاڵپشتی خۆی دەزانێت «دڵخۆشم بەوەی ڕۆژانە دەبینم کە سەرنجی زۆر ورد و هاندان دێت بۆ کارەکانم، بە گوێرەی ئەوەی وێنەکانی من نەختێک جوڵانی فکری دەوێت».



کچان و ژنان لە کۆمەڵگە داخراوەکان و ئەو کۆمەڵگانەی تائێستا بەربەست لەبەردەم ڕەگەزی مێ دروست دەکەن، باجێکی گەورەیان داوە بە ژیان و خولیا و ویستەکانیان.

ئارێز، لەو سۆنگەیەوە دەڵێت: «لە ژیان دا وشەکانی: (قورس، ئازار و سەختی) بە کەوانەی خاڵی دەبینم، چونکە هیچ شتێک قورس نیە تەنها کاتی دەوێت بۆ ئەوەی قەناعەت بە ئێستای خۆت بکەیت، مرۆڤیش بەهرەی لەبیرکردنی هەیە بەرامبەر هەمو ئازارێک بۆ هەنگاوی کامڵبونی خۆی، بۆیە پێیان دەڵێم کۆڵ مەدەن».

ئەو ئێستا جگە لە شێوەکاریی، دایکیشە، ئەمەش بیانویەکە زۆرجار بەهۆیەوە ژنان لە کایە جیاوازەکان دا پاشەکشە دەکەن.

لای (ئارێز) دایکایەتی ڕێگر نەبوە لەوەی هونەرەکەی پشتگوێ بخات، ماڵێکی لە ڕەنگ و تابلۆ و دایکایەتی پێکەوە گونجاندوە، ئەگەرچی ئەم کارەش ماندوبونیشی زۆرە، بەڵام وەکخۆی دەڵێت: «هیلاک بونیش هونەرە».

> نامەوێت ژن هەمیشە باڵندەیەکی زامدار بێت

> لە تابلۆکانم دا ئازارە سروشتیەکانی ژنم کێشاوەتەوە

